# Queation Bank

**پ / ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەووشەی گونجاو پڕ بکەرەوە:**

1- پالنەر واتە بەرهەمهینان و بزواندنی رەفتار و ......... .

2- چەمکە سەرەکیەکانی تیۆری هەوڵدان و هەڵەکردن بریتین لە ......... و ......... و ......... .

3- ئامانجی ......... بەرهەمی ئەو ئەزموون و زانیاریانەیە کە قوتابی پاش تێپەرین بە پرۆسەی فێرکاری بەدەستیان دەهێنێت .

4- توخمە سەرەکیەکانی پرۆسەی فێربوون بریتین لە ......... و.........

5- یاساکانی پورندایک بۆ پرۆسەی فێربوون بریتین لە.........و ......... و......... .

6- جان بیاجە بەدامەزرێنەری قوتابخانەی ......... دادەنرێت.

7- قوتابخانەی مرۆڤایەتی لەلایەن زانایان ......... و.........دامەزراوە .

8- لە ئامانجەکانی دەروونزانی ، ئامانجی سێیەم بریتیە لە .........

9- هۆکارەکانی پەرتەوازەیی بەئاگایی بریتین لە بەئاگایی ......... و......... و ......... .

10- هەستەوەرە ناوەکیەکان بریتین لە.........و.........و ......... .

**پ/ وەڵامی ڕاست بۆ ئەمانەی خوارەوە هەلبژێرە :**

1- جۆن واتسن دامەزرێنەری رێباز و قوتابخانەی :

أ. رەفتاری ب. مرۆڤایەتی ج. مەعرفی د. شیتەلکاری دەروونی

2- یەکەم کەس چەمکی دەروونزانی پەروەردەیی بەکارهێنا زانا :

أ. گالتون ب. پورندایک ج. جون واتسن د. ولیەم جیمس

3- تیۆرەکەی زانا ئیڤان باڤلۆڤ ناسراوە بە :

أ. مەرجی کرداری        ب. هەوڵدان وهەڵەکردن        ج. مەرجی کلاسیکی        د. گەشەی زانیاری

4- بەرهەمهێنانی شتێکی تازەیە بەشێوازێکی دەگمەن وداهێنەرانە  پێی دەڵێن ئاستی :

أ. پێکهاتە        ب. وەرگرتن        ج. جیاکاری        د.ڕێکخستن

5- زانا  پورندایك تاقیکردنەوەی تیۆرەکەی لەسەر یەکێك لەمانەی خوارەوە ئه نجامدا  :

أ. مشك        ب. مەیموون        ج. سەگ        د. پشیلە

6- زانا  پریێەر توێژینەوەیەکی لەسەر تەمەنی منداڵ بڵاوکردەوە بەناونیشانی  :

أ.  جەستەیی منداڵ        ب. ئەقلی منداڵ        ج. هەلچوونی منداڵ        د. دەروونی منداڵ

7- قوتابخانەی رەفتاری درووست بوو لە وولآتی  :

أ. ئەمریکا        ب. ئەلمانیا        ج. سویسرا        د. یۆنان

8- گیزل لەرێگای بە کارهێنانی ئامێری وێنەگرتنی سینەمایی روالەتە جیاوازەکانی گەشەکردنی خستەروو لەساڵی:

أ. 1922        ب. 1924        ج. 1926        د. 1928

9- جان بیاجیە گەشەی ئەقڵی منداڵی دابەش کرد بەسەر :

أ. 2 قۆناغ        ب. 3 قۆناغ        ج. 4 قۆناغ        د. 5 قۆناغ

10-  گۆرانکارییە سایکۆلۆژیەکان واتە  :

أ.گۆرینی رەنگ        ب. زیادکردنی کێش        ج. درێژی بالآ        د. کردارە دەروونیەکان

**پ/ ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دەست نیشان بکە  :**

1- فێربوون بریتیە لە گۆرانکاریکردن لە ڕەفتار.

2- ئامادەباشی ئاماژەیە بۆ ئەو حالەتەی کە تێدا قوتابی دەتوانێت فێری ئەرکێك یان ئەزموونێك ببێت .

3- پالنەر ئەو گۆرانکاریانەی کە بەسەر دیاردە جەستەیەکان دێت .

4- وەلآمدانەوەی مەرجی پەرچەکردارێکی سروشتیە لە ئه نجامی تێکەل بوونی وروژێنەرەکان .

5- دەتوانرێت سوود لە توێژینەوەی جۆن واتسن وەربگرین بۆ رزگاربوون لە رەفتارە خراپەکان

6- دەروونزانی کۆمەلایەتی ئەو زانستەیە کە لێکۆلینەوە لەگەشەی قۆناغە تەمەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات .

7- حەز و ئارەزووەکان یەکێکە لەو هۆکارە دەرەکیانەی کە کاریگەری لەسەر بەئاگایی هەیە .

8- لە گرنگترین بۆچوونەکانی زانا فرۆید دەربارەی کەسایەتی بریتییە لە هەست کردن بەکەمی .

9- زانا کوهلر بە دامەزرێنەری قوتابخانەی مەبەستداری دادەنرێت .

10- دەروونزانی فسیۆلۆژی یەکێکە لەلقە زانستیە پراکتیکیەکان .

## پ/ وەلآمی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە :

1- فاکتەرە کاریگەرەکانی پرۆسەی فێربوون بژمێرە و باسی ( 2 فاکتەر ) بکە.

2-ئاستەکانی پۆلینکاری کراسوڵ و هاورێکانی بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی لایەنی هەلچوون و کۆمەلآیەتی قوتابی چین بەکورتی باسیان بکە .

3- جیاوازی بکە لەنێوان ئامانجی پەروەردەیی و فێرکردن .

4- جیاوازی لەنێوان قوتابخانەکانی ( ڕەفتاری و مەعریفی و مرۆڤایەتی و شیتەلکاری دەروونی ) بکە ، لەڕووی زانایان و ئەو بابەتانەی هەر قوتابخانەیەك لێکۆلینەوەی لەسەر کردووە

5- قۆناغەکانی تەمەنی هەرزەکاری پۆلین بکە .

6- رواڵەتەکانی گەشەکردنی مرۆیی بژمێرە ، باسی 2 رواڵەت بکە .

7- لایەنەکانی گەشەی گۆمەلآیەتی لە قۆناغەکانی سەرەتایی تەمەنی منداڵ چین ، باسیان بکە .

8- پێکهاتەی خێزان و شێوازی مامەلەکردنیان لەگەڵ مندالەکانیان جۆراوجۆرن ، گرنگترین جۆرەکانی خێزان کامەن ؟ باسیان بکە.

9- ململانی دەروونیەکانی قۆناغی هەرزەکاری بژمێرە ، بەکورتی باسیان بکە .

10- تاییە تمەندیەکانی گەشەکردنی مرۆیی چین بیانژمێرە ، باسی 2 تاییە تمەندی بکە .

11- فاکتەرە کاریگەرەکانی گەشەی زمانەوانی منداڵ چین ، باسیان بکە .

12- قۆپیەکردن واتە بەکارهێنانی چەند ڕێگایەك بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان ، چارەسەری ئەم کێشە پەروەردەیە چیە ؟ باس بکە.

13-خشتەی پلانی ڕۆژانە بۆ بابەتێکی ( پسپۆریەکەت ) دروست بکە .

14- خەسلەت و سیفەتەکانی مامۆستای باش چین ، باسیان بکە.

15- تەنها بە ( 4 ) خاڵ باسی لایەنە باشەکانی ڕێگای گفتوگۆ بکە .

16- ڕەگەزە سەرەکیەکانی پرۆسەی پەروەردە چین بە پێی بیروڕای زانایان ستانلی و هۆپکنز .

17-مەبەستی سەرەکی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەبواری پەروەردە چییە ، ڕوونبکەرەوە .

18-گرنگی پێوانە و هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی پەروەردەدا ، باس بکە .

19-سێگۆشەی سیستەمی وانەبێژی چین ؟ ڕونیان بکەرەوە .

20- ئەرك و ڕۆڵی و بنەما ڕەوشتیەکانی مامۆستا لە پیشەی فێرکاری چی یە ؟ باس بکە.